**خەت و ناكۆكی..كۆمەڵ و ئینقیلاب و داكۆكی...جیهاد و ترسنۆكی.. دەستوورو پەرلەمان و هاوپەیمانی. !! سۆران عومەر**

بەئومێدی ئەوەی هەر ئەندامێكی كۆمەڵ كەرقی لێم هەستا لەسەر ئەم نوسینە هێندەی ئەو رقەش دڵی بۆ دینی خوا بجوڵێت و رازی نەبێت ئیسلامەتی بكرێت بەوەی ئەوان خەریكی سەرگەردان كردنی خەڵكن بەناوی دینەوە. من گەردنی ئازاد دەكەم لەوەی بەرامبەر من دەیڵێت بەمەرجێك بەرامبەر كوفریش هێندە كردەوەی هەبێت.

فەرموو ئیستە بابەتەكە بخوێنەوە:
ئەو گروپەی كە ئیستە بە (كۆمەڵ) ی ئیسلامی ناسراوە، سەرەتا خەتێكی ماوە بەهێزو نیوە لاوازی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی بوو، ئەو بزوتنەوەی كە جێگای هەموو بۆچون و ئاراستەو سلوكێكی تێدا دەبوویەوە، بەجۆرێك كە هەموو كۆك بووین لەسەر ئەوەی پەرژینی ئەم بزاڤە سودی بۆمان هەیەو سەربەرزی دونیا و قیامەتیشمانی تیا فەراهەم دەبێت، بەڵام دوای پیلانی یەككگرتنی (راپەرین) و (بزوتنەوە) و دروست كردنی یەكبوون مەساری شتەكان گۆرا بەجۆرێك ئەوانەی كە دوژمنی سەرسەختی یەكتر بوون هێندەی نەبرد بۆ سەرخستنی پیلانەكەیان كە لەبەین بردنی حەرەكەتێكی چەكداری جیهادی بوو یەكیان گرتوو بوون بە مامۆستاو قوتابی و ئەمیرو رەعیەتی یەكتر، بزوتنەوەی (نەهزە) كە (مەلا سدیق) ئەمینداریان بوو لێی كەوتنە بوهتان و پشت بەردان و خوزلان بەسەردا هێنان، ئەوەشی كە بە دوژمنی خواو یەكبوون و مسولْمانان و كەسی ئێرانیان دەزانی مامۆستا (عەلی باپیر) لەگەڵی پێك هاتن و كردیانە پێشەنگی ئینقلابە رەشەكەیان، بەدرێژایی مێژووی ناو ئەو دوو حیزبەش هەمیشە ململانێ و كەس بەرزكردنەوەو گوێرایەڵی كوێرانە بۆ ئەم و ئەو، ببووە پیشەی كاروانی بەرەو خواچوون، نەهزە دوژمنایەتی تاسەر ئێسكی بەرامبەر ئیخوان (یەككگرتوو) دەست پێكردبوو كە بەجۆرێك هەرزەو بەناو مامۆستای نەهزەو یەككگرتوو نەما دەست نەدەنە یەخەی یەك و لەیەك نەدەن لەناو مزگەوتەكان دا، بەرامبەر بزوتنەوەش دەیانووت ئەو حیزبە گەندەڵ بووە و قیادەكانی بوون بە پیاوی ئێران و یەكێتی و وازیان لە جیهاد كردن هێناوە بۆیە ئێمە واتە (نەهزە) دەبینە بەدیلیان، بزوتنەوەش پێی دەوتن ئەوانە شەرعی نین و بوونی دوو جەماعەی چەكدار لەیەك ناوچەدا جائیز نیە، ئەوەبوو لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خەتی مامۆستا عەلی باپیر كە مەكتەبی عەسكەری كردەوە نەهزە تەواوی مقەرەكانی دەستی بەسەردا گیرا.
بەهەرحاڵ ئەوەی ئەوكاتە كردیان و خەڵكیان بۆ كۆدەكردەوە هێشتا لەوە باشتر بوو كە دوای ئەوە ئەم سەركردەو بەرپرسە ئیسلامیانە دەیان كرد بەرامبەر بە كەسانێك كە مردن و ژیانی خۆی خستبوو بەردەم ئەوان بەڵام بەداخەوە بەكاریان دەهێنا بۆ ململانێ و بەرژەوەندی خۆیان زۆركات.
ئەم ململانێ شەخسیە بەمەشەوە نەوەستا بەڵكو لە كۆنگرەی یەكەمی (یەكبوون) ەوە لە تەوێڵە تەحالوفی خەتی مامۆستا عەلی باپیرو نەهزە بەدیار كەوت و بەیەكجاری حیزبیان وەستان لە هەمووڕویەكەوە و كۆنگرەیان پەك خست بەهەمموو لایەكیان، چونكە بنەماڵە مامۆستا مەلا عەلی نەتیجەی ئەو تەحالوفەیان پێ قبوڵ نەبوو كە تەنها مامۆستا مەلا عەلی عبدالعزیزیان تیا هەڵبژارد و بەتەنها دایاننایەوە بە بێ دەنگدان.

حیزب بۆ ماوەیەكی زۆر بێ خاوەن و ئیش و بڕیا رو كۆبونەوە مایەوە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئەوانەی كە ئەوكات تەحالوفیان كردبوو خەریكی هەوڵی دیبلۆماسی بوون لەوەدا كە یەكێتی نیشتمانی و ئێران و دۆست و لایەنگرانی خۆیان باوەڕ پێ بكەن كە هاوكاریان بن لە جیابونەوەدا، تەنانەت تیشكی سەوزیان لە ئێرانیەكان و یەكێتی نیشتمانیەوە وەرگرتبوو!!

لەگەڵ خەتی مامۆستا كرێكاریش كەوتنە گفتووگۆو بەڵێن پێدان بەوەی كە لەگەڵ ئەوان دا هیچیان نیەو ناهێڵن لە سلێمانی دا هیچ ڕووبدات!! بەڵام بەداخەوە ئەوكاتەی كە پێكەوە دانیشتبووین بۆ قسەو ڕێكەوتن لە كاتی بانگپ مەغریب دا پەلاماری مەڵبەندی سلێمانیان داو بەزەبری چەك بارەگاو مزگەوتەكەیان زەوت كردوو زوڵمێكی گەورەیان دەرهەق بە مسوڵمانانی ناو ئەو بارەگایە نواند لەیەكەم چركەی خۆ ڕاگەیاندنیان دا، هەر لەوكاتەدا بوو ڕووی تفەنگەكانی ئەم گروپە ئاراستەی مسوڵمانان كراو براكانی خۆیانیان پێ ترساند و دواتر پەلاماری مزگەوتی جیهادیان داو لەكاتی خوتبەی نوێژی هەینی دا نوێژخوێنانیان دایە بەرشەق و وتاربێژیان بە زەبری لێدان و تفەنگ هێنایە خوارەوە، لەوانەش ترسناكتر ئەوەبوو كە ئەنجامی دا ئەم گروپە لەسەرەتاكانی ئینشقاق دروست كردنەكەی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی دا بەكوشت دانی برایەكی كاك دڵشاد گەرمیانی بوو لەناو خورماڵ دا.

بەهەر حاڵ كۆمەڵی مونشەق و لێڵ كە تێكەڵ لە باڵی بزوتنەوەو نەهزە زۆر جەریئانە بەرامبەر مسوڵمان هاتە پێش بەلاَم زەلیل و ڕسوا لەبەرامبەر عەلمانیەت دا خۆی نواند بەجۆرێك هێندە سەردانی تاڵەبانیان كردبوو بۆ پارەو شتی لاوەكی وەك دانپیانان و ناوهێنان و نیشاندان ڕاگەیاندنی یەكێتی وازی هێنابوو لە نیشاندانیان وەك نوێنەرانی لایەنێكی سیاسی!!

ئەمانە ئەو كەسانەبوون كە خوێن و ژیان و زیندان و كوشتن و ئاوارەبونی مسوڵمانانیان دەكەوێتە گەردن بەو ئینشیقاق و زیلەتەی بەسەرماندا هێنایان لەپێناو ئەمارەت و دەسەڵاتی خۆیان دا هەرچەندە ئەوان دەیانووت ئێمە ئەمە بۆیە دەكەین چونكە خەڵك لەژێر زوڵمی بنەماڵەی مەلا عەلی دایەو چیتر قبوڵ ناكرێت بەڵام بۆخۆیان زوڵمی دونیایان گرد كردەوە لەسەر مسوڵمانان و ئیستەش پێیان وایە بەو هەموو ناشەرعی و داشۆرینە لە دین حیزبێكی گرنگی ئیسلامی نێو گۆڕەپانی ڕابوونی ئیسرمین لەكاتێك دا بەهەموو توانایانەوە ناتوانن دەرسی قورئانی مزگەوتێكیش بڵێنەوە!! ئیتر نازانم مانەوەی گرنگی ئەم كەسانە كە ئەو هەموو میحنەتەیان بەسەرمسوڵمانان داهێنا دەبێت چی بێت؟ لەوە زیاتر كە بونەتە خاوەنی زەوی و موچەو سەیارەو زۆرشتی تریش.

ئەمانەی كە ناوی خۆیان ناوە كۆمەڵ بەناوی ئیسلامەوە دەدوێن و دەیانەوێت خەڵكی مسوڵمانی وەك مەڕ گۆشكراو بەشوێن ناشەرعی و سیاسەتە چەوتەكانیان دا پەلكێش بكەن بەناوی بەرژەوەندی و مانەوەو زەروری و.. . زۆر شتی تری بێمانا كە لە میزانی شەرع و دینی خوادا جێگەی زەلیلی و بەزیوی زیاتری نیە، ئەوانەی كە یەكێتیان بە مورتەد دەزانی و جیهادیان دژ دەكرد بەڵام بەهاتنی ئەسڵی كوفرو سەلیبیەت چەكەكانیان بە تەواوی تەسلیم بە ئەمریكا كردو وتیشیان ئەو چەكانە وزەو توانی زۆری بردبووین كە خەباتی ڕزگاریخوازی ناچاری كردبوین لەشانی بكەین بەڵام وا شانمان سوك بووە لەو چەكانە. ئەمە قسەی ئەمیری كۆمەڵە كە لە كوردستانی نوێ دا دەیكات!!

ئیتر كامەیە شەرع و دین كە ئێوە بانگەشەی دەكەن؟ لەكاتێك دا قسەتان بە ئیخوان دەوت و یەكگرتوتان بە مسوڵمان نەدەزانی لەسەر ئەوەی دەیگووت باوەڕمان بەچەك

نیە؟ کەچی ئیستە یەکگرتوو لە زۆر هەلًوێستا لە ئێوەی بەناو کۆمەڵ بەهێزترە، ئەو کۆمەڵەی کە مسوڵمانانی کرد بە چەندین لەتو پارچەوە.

وا ئیستەش دوای دەنگدانی بە دەستور لەگەڵ لیستی شیوعی یەکێتی و زەحمەتکێشان و حسك و پارتی دەڕۆنە هەڵبژاردن، ئەو هەڵبژاردنەی کە هەر خۆیان پێیان کوفرو ناشەرعی بوو!! بەڵام ئیستە مانەوەی خۆیان پێ گرنگترە لەلاوازی و لەبەین چونی دینی خوا، پێویستە موزایەدەی کۆمەڵ و یەکگرتوو بەناوی ئیسلامەوە ئاشکرا بکرێت و چیتر خەڵك بەناوی ئیسلامەوە گومڕا نەکەن، دڵنیابن لەوەی ئەمەی ئەمان دەیکەن سیاسەتێکی پڕ لەنیفاقی لاوازە و بەئیسلام ڕوپۆش کراوە، ئەگەر نا جیاوازی چییە لەنێوان دەنگدانی خەڵکی بەتاك بە یەکێتی و پارتی لەگەڵ دەنگ کۆکردنەوەی خەڵك بەکۆ بۆ یەکێتی و پارتی؟ وەك بینیمان دەنگی ئەو هەموو خەڵکەیان بەوە کۆکردەوە کە خەڵکینە ئەوەی دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی بدات شەرعی نیە و نارەوایە یەکگرتوو لەلیستی عەلمانیەت دا دابەزیوە بەڵام خۆیان چونن هەموو دەنگەکانیان کردە کۆشکی عەلمانیەت بەبێ ئەوەی داوایان لێ بکەن یان پێویستیان بێت و باسییش بکەن وسوپاسێکیشیان لەسەری بکەن!!

ئەو کۆمەڵەی کە خۆی دەبەست بۆ ئێمە لە مزگەوتی جیهاد و هەوارەبەرزە بە تەلەفون و فشارێکی بچوك مقەڕو مزگەوتی چۆڵ کرد و نەشیتوانی بەرگری لەو مەسرەفە بکات کە تیایدا کردووە، تەنانەت لە بەرامبەری دا خانویەکیشی بۆ نەگیرا بەکرێ!! زۆرن ئەو کردارە ناشەرعی و ناشایستانەی حیزبێکی جیهادی بانگەشەی بۆ دەکردو خەڵکی لە پێناودا بەکوشت داو چەندین شەڕی بۆ کردو دەیگوت ڕابەری بزوتنەوە بۆ دینی باش نیە هێندە سەردانی مام جەلال دەکات بەڵام کە خۆیان بوون بەحیزب مام جەلالیان هەراسان کرد ئەوەند لە هەفتەیەك دا سەردانیان دەکرد.. . !! بەهەر حاڵ من باوەڕم وایە ئەوەی خۆی ناونا کۆمەڵ و ئینشیقاقی کرد بە حیزبی سێیەمی کوردستان کە حیزبێکی جیهادی ناسراوی ساحەی سیاسی و سەربازی کوردستان بوو گەورەترین پشکی لەو تاوانە بەرکەوت ئەوکات بنەماڵەی مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز کە گرفتی گەورەی خەتی مامۆستا عەلی باپیر بوو!! وادەزانم ئەو کۆمەڵە ئەو ئەهلە نەبوون کە خوای گەورە ئەو ئەمانەتە قورسەی جیهاد لە سەر شانیان دانێت بۆیە لێی سەندنەوەو توشی ئەو سەرگەردانیە سیاسیەی ئەمڕۆ بوون چونکە لە جیهادایە پیاوێکی دونیاویستی وەك من دەردەکەوێت و دادەنیشێت لەکونجی ماڵەوە و ئێوەش دەکاتە حیزبێکی لادەرو گومڕ لەسەر ئەسڵی ئەو ئیسلامە، وە دوای لادان لە حەقە توشی ئەوەی کردوون کە ئیستە نازانن چۆن بیشەرعێنن؟!

rahand@soranomar. com